# تێبینییەک بۆ خوێندنەوەی بیرەوەری و خۆژینامە

عەزیز ئالی
(بۆکان)

## ١

نووسینی بیرەوەری و خۆژینامە (ئۆتۆبایۆگرافی)، لەمێژ ساڵە لە ناو ئێمەی کوردیشدا سەرنجی دراوەتێ، توحفەتولموردینی وەفایی کە بەشێ لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی میانساڵی و پیریی خۆی تێدایە و لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەمدا بە فارسی نووسراوە، یەکێ لە کۆنترین نموونەکانی ئەم چەشنە نووسینەیە. لە سەدەی بیستەمدا کە زمانی کوردی، وەک زمانی نووسین بە شێوەیەکی هەراو دێتە کایەوە، هەندێ لە ئەدیب و سیاسیکارەکانی کورد وەک عەبدوڵڵا زێوەر، پیرەمێرد، ئەحمەد تەقی و ڕەفیق حیلمی، بیرەوەری و خۆژینامە بە کوردی دەنووسن، لە چەند دەیەی ڕابوردوودا ئەم کارە بە شێوەیەکی ڕێژەیی پەرەی سەندووە و ژمارەی بیرەوەری و خۆژینامە، تا ئەندازەیەک زیاتر بووە، هەندێ لەم بەرهەمانە کە نووسەرەکانیان بەناوبانگن، زۆرتر دەنگیان داوەتەوە، تەنانەت دەمەقاڵەیان لێ کەوتووەتەوە، بۆ نموونە چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار کە پتر لە بیست ساڵ لەمەوبەر چاپ کراوە، هێشتا قسەی لێ دەکرێ و ڕەخنەی توندی لێ دەگیرێ.

گرفتی خوێنەر لەگەڵ ئەم جۆرە بەرهەمانەدا ئەوەیە کە ناتوانێ دڵنیا بێ لەو ڕووداوەی نووسەر بۆی دەگێڕێتەوە، یان ئەو وێنەیەی لە ڕواڵەت و ئاکاری فلان کەسێ دەیکێشێ، تا چ ڕادەیەک لەتەک ڕاستی و واقیعدا ڕێ دەکەوێ، مەسەلە تەنیا ئەوە نییە کە نووسەر لەوانەیە لە گێڕانەوەی هەندێ ڕووداودا بە زانینەوە درۆی کردبێ، یان بە ئانقەست وێنەیەکی دزێوی لە هەندێ کەس خستبێتە بەرچاوی ئێمە، وا هەیە نووسەری بیرەوەری، یان خۆژینامە، مرۆڤێکی ڕاست و بە ویژدان بێ، بەڵام



پیرەمێرد

حـافـیـزەی مـرۆڤ - بە تایبـەتی مـرۆڤی بە سـاڵاچوو- چەندە جێگەی باوەڕە؟

مامۆستا هەژار لە پێشەکی خۆژینامەکەیدا دەنووسێ: " لێم ڕوونە لە هەزار شت کە بە سەرم هاتووە، سەتم لە بیر نەماوە!" کەوابوو ناڕاستەوخۆ بە خوێنەر دەڵێ ئەوە تەواوی حەقیقەت نییە، کەچی هیچ گومانی لە ڕاست بوونی ئەو شتانەی دەیانگێڕێتەوە، نییە و دەڵێ: "... بەڵام دەزانم ئەوی نووسیومە، یان دیومە، یان لە خۆم قەوماوە، یان لە دەمی برادەرانی هاوسەفەرم قۆستۆتەوە." دیارە بۆ ئەو شتانەی لە دەمی برادەرانی قۆستۆتەوە، بە زۆری وتوویەتی "وەباڵ بە ئەستۆی خۆی" یانی ئەگەر ئەم قسەیە ناڕاست بێ، من خەتابار نیم.

ئێستا پرسیار ئەمەیە، ئایا حافیزەی مامۆستا هەژار هیچ یادێکی دەسکاری نەکردووە؟ ئایا خەون و خەیاڵ و ئارەزوو لەگەڵ هەندێ لە یادەکانی تێکەڵاو نەبوون؟ قسەی برادەرە هاوسەفەرەکان چی؟ ئەگەر ڕاست نەبن، کێ بەرپرسی ئابڕوو بردنی ئەم و ئەوە؟ ئاخۆ ئەو کەسەی ئەم قسانەی لە دەمی برادەرە هاوسەفەرەکان قۆستۆتەوە و لە ژینامەی خۆیدا تۆماری کردووە، هیچی لەسەر نییە؟

من کتێبی چێشتی مجێورم بۆیە بە نموونە هێنایەوە، چونکە زۆر بەناوبانگە و زۆربەی خوێنەرانی کورد، خوێندوویانەتەوە، ئەگینا مەبەستم هەموو بیرەوەری و خۆژینامەیەکە، جا هی نووسەرێکی خەباتکار و خاوەن هەڵوێستی وەک هەژار بێ، یان هی عارف و موریدێکی وەک وەفایی، یان هی ئەدیب و ڕەخنەگرێکی وەک مەسعوود محەمەد، یان سیاسیکارێکی وەک نەوشێروان مستەفا، بیرەوەری، یان خۆژینامە ئەگەر لە ڕووداوێکی مێژوویی بدوێ، خوێنەر و ڕەخنەگر دەتوانن بۆ هەڵسەنگاندنی پلەی ڕاستیی گێڕانەوەکە، سەری سەرچاوەگەلی جێ متمانەی مێژوویی بدەن، بەڵام ئەگەر ڕووداوێکی نامێژوویی بگێڕێتەوە، لەوانەیە شایەدمان تەنیا نووسەری بیرەوەری، یان خۆژینامەکە بێ، بۆ شتی لەم بابەتە، بە داخەوە، ئامرازێکی وامان بە دەستەوە نییە کە ڕاست و ناڕاستمان بۆ لێک بکاتەوە، جا بۆیە وەختێ ئەم چەشنە نووسراوانە دەخوێنینەوە، هەمیشە دەبێ لە بیرمان بێ کە جێ متمانەییان ڕێژەییە.

(لوویس بوونوێل ١٩٠٠ - ١٩٨٣) سینەماکاری سوریالستی سپانیایی، ژینامەی خۆی بە باسی ئەو مەترسییانە دەست پێ دەکا کە لە حافیزەی مرۆڤ خەفتاون و بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە یادەکانی خۆی بۆ خوێنەری ڕوون دەکاتەوە کە ئەو شتانەی دەیانگێڕێتەوە، حوکم نییە هەموویان ڕاست بن، وام بە بیردا هات ئەگەر خوێنەری کورد ئەم باسە بخوێنێتەوە، ڕەنگبێ بۆ خوێندنەوەی بیرەوەری و خۆژینامەی کوردی، بە کاری بێ و بتوانێ بە وریاییەکی زیاترەوە دەست بۆ ئەم چەشنە بەرهەمانە بەرێ.

ئەم نووسینە کورتە وا لە ژێرەوە دەیخوێننەوە، فەسڵی یەکەمی کتێبی "دوا هەناسەم"ە کە خۆژینامەی ئەم فیلمسازە ناودارەیە و من لە ڕووی چاپی سێیەمی وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی کردوومە بە کوردی، هەوڵم داوە ئەوەندەی زمانی کوردی بوارم دەدا مانا بە مانا وەریگێڕم، چەند وشەیەکی فارسی و عەرەبیم بە کار هێناوە کە ئومێدەوارم خوێنەرانی هۆگری "کوردی پەتی" لێم توورە نەبن؛ دەکرا لە جێی ئەم وشانە، وشەی ڕەسەن بەڵام نادەقیق دابنێم، وەلێ تەماشام کرد وەرگێڕانی باسێکی ئاوا ورد کە لە ڕاست و هەڵە دەدوێ، وشەی نادەقیق هەڵناگرێ، ئەوەندەی من بزانم، ئێمە لە زمانی کوردیدا هاوتای لەبار و پڕ بەپێستمان بۆ حافیزە/ زاکیرە (memory) و تەسەور (imagination) و ناخودئاگا

(the unconsciousness) و نیسبی (relative) نییە.

## ٢
## حافیزە
## (فەسڵی یەکەمی دوا هەناسەم، خۆژینامەی لوویس بوونوێڵ)

دایکم لە دە ساڵی دوایی ژیانیدا، وردە وردە حافیزەی لە دەست چوو، لە شاری ساراگۆسا لەگەڵ براکانم دەژیا، کاتێ دەچووم سەرم دەدا، دەمدی چۆن گۆڤار دەخوێنێتەوە: پەڕەکانی زۆر بە سەرنجەوە هەڵدەدایەوە، یەک بە یەک، لە سەرەتاوە تا دوایی، کاتێ تەواوی دەکرد، گۆڤارەکەم لە دەستی وەردەگرت و ئەوجا دەمدایەوە، چی بکردایە باش بوو؟ ملی دەنایەوە لە هەڵدانەوە، نەرم نەرم، پەڕ بە پەڕ.

دایکم بە جەستە زۆر ساغ بوو، زۆریش لە چاو تەمەنی بەگورد بوو، بەڵام لە دواییدا منداڵەکانی خۆی نەدەناسییەوە، نەیدەزانی ئێمە کێین، یان خۆی کێیە! دەچوومە هۆدەکەی، ماچم دەکرد و تاوێک لەلای دادەنیشتم، جاری وا بوو لە هۆدەکە دەهاتمە دەرێ، پاشان دەگەڕامەوە ژوورێ، بە هەمان بزەی جاری یەکەمەوە، بەخێرهاتنی دەکردم و دەیگوت فەرموو دانیشە- وەک یەکەم جار بێ چاوی بە من کەوتبێ، ناوی منی لە بیر نەمابوو.

ئەو سەردەمە کە لە ساراگۆسا منداڵێکی قوتابی بووم، ناوی هەموو پاشا "ڤیزی گات"ەکانی سپانیا و مەڵبەندەکان و ژمارەی دانیشتووانی هەموو وڵاتێکی ئەورووپام لەبەر بوو، ڕاستییەکەی خەزێنەیەکی زانیاریگەلی بێ کەڵک بووم، ئەم هونەرە تووتی ئاساییە بوو بوو بە سەرچاوەی گەلێ گاڵتە و جەفەنگ، ئەو منداڵانەی لەم هونەرەدا زیرەک بوون، ناویان نرابوو "لەبەرکەر"، منیش ئەگەرچی خۆم لەبەرکەرێکی هەڵکەوتە بووم، بە چاوی سووک دەمڕوانییە کاری ئاوا بێ تام.

ئێستا، هەڵبەتە، هێندە بە بێزاری تەماشای ناکەم، زەمان ڕادەبوورێ و ئێمە سەرنج نادەینێ کە ئەو هەموو یادەمان ناوەتە سەر یەک و خۆمان نەمانزانیوە، تا لەپڕێکدا، ڕۆژێک، ناوی دۆستێکی باش، یان خزمێکمان نایەتەوە بیر، سووک و ئاسان، لە قیس چووە؛ لەبیرمان چووەتەوە. بێهوودە، بە تووڕەیی، زۆری لە خۆمان دەکەین تا وشەیەکی ئاساییمان بێتەوە یاد، لەسەر زارمانە، بەڵام واوەتر نایە.

کاتێ ئەمە ڕوو دەدا، هەڵەی تریشی بە دوادا دێ و تەنیا ئەوسا تێدەگەین و پێدەزانین کە حافیزە چەندە گرینگە، ئەم جۆرە فەرامۆشییە هەوەڵ جار ئەوکاتە بە سەر من هات کە لە حەفتا ساڵی نزیک بوومەوە، بە فەرامۆش کردنی ناوگەلی تایبەتی و ڕابوردووی نزیک دەستی پێ کرد. ئەرێ چەخماخەکەم لەکوێ دانا؟ (خۆ پێنج دەقیقە لەمەوبەر بە دەستمەوە بوو!) ئەرێ وەختێ ئەم قسەیەم دەست پێ کرد، پێوە بووم بڵێم چی؟ زۆر زوو فەرامۆشییەکە دەتەنێتەوە و ئەو شتانەش دەگرێتەوە کەوا چەند مانگ، یان چەند ساڵ لەمەوبەر ڕوویان داوە، ناوی ئەو هۆتێلەی کە بەهاری ساڵی ١٩٨٠ لێی میوان بووم، ناوی ئەو کتێبەی شەش مانگ لەوەپێش خوێندمەوە و زۆرم پێ خۆش بوو، هەر سەر دێنم و دەبەم، بەڵام هیچ فایدەی نییە، هەر ئەوەم لە دەست دێ چاوەڕێ بم فەرامۆشییە یەکجارییەکە پەیدا بێ، ئەوەی وا هەموو ژیانی مرۆڤ دەسڕێتەوە، وەک چۆن هی دایکمی سڕیەوە.

هەتا ئێرە نەمهێشتووە ئەو تاریکییە یەکجارییە توخوونم بکەوێ، لە ڕابوردووی دووری خۆم، هێشتا دەتوانم گەلێ ناو و ڕوخسار هەڵگوازم؛ کاتێ یەکیانیشم لە بیر دەچێتەوە، خۆ شلوێ ناکەم، دەزانم درەنگ، یان زوو بە هۆی یەکێ لەوان دیاردەگەلی ناخودئاگا، سەر هەڵدەداتەوە، لەسەرێکی ترەوە، کاتێ ڕووداوێکی ئەم دواییانە، یان ناوی کەسێ کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابوردوودا دیومە، یان ناوی شتێکی ئاسایی، نایەتەوە بیرم، دەریایەک نیگەران دەبم، وا هەست دەکەم تەواوی کەسایەتیم لەبەریەک هەڵوەشاوە؛ لێم دەبێ بە مەراق؛ ناتوانم بیر لە هیچی تر بکەمەوە، بەڵام ئەو هەموو تەقەڵلا و ڕقە، هیچی لێ شین نابێ، بڵێی خەریک بم بە تەواوی پاک ببمەوە؟ ئەوە کە مرۆڤ ناچار بێ بۆ وەسفی "مێز" ئیستیعارەیەک بدۆزێتەوە، هەستێکی بەسامە، بەڵام من دڵخۆشی خۆم بەو ڕاستییە دەدەمەوە کە شتێکی خراپتر هەیە - زیندوو بی و خۆت نەناسییەوە، ئیتر نەزانی کێی.

دەبێ حافیزەت دەست بە پاک بوونەوە بکا ، هەرنەبێ دەبێ ڕێزە ڕێزە و پارچە پارچە پاک بێتەوە، تا بزانی ئەوە

حافیزەیە کە ژیانی ئێمەی لێ پێک هاتووە. ژیان بێ حافیزە هەر ژیان نییە، وەک چۆن هۆش بێ دەرفەتی دەربڕین، هۆشی ڕاستەقینە نییە، حافیزەی ئێمە یەکپارچەییمانە، ئاوەزمانە، هەستمانە، تەنانەت کردەوەمانە، بەبێ ئەو ئێمە هیچ نین.

دیمەنی فیلمێک دێنمە بەر چاو (وەک زۆر جار وام کردووە) کە لەو دیمەنەدا کابرایەک دەیەوێ نەقلێک بۆ برادەرێک بگێڕێتەوە، بەڵام لە چوار وشە، یەکیانی لە بیر دەچێتەوە، وشەی سادەی وەک "ماشێن"، یان "خەیابان" یان "پۆلیس". کابرا منگەمنگ دەکا، ڕادەمێنێ، دەست ڕادەوەشێنێ، هەوڵ دەدا هەرنەبێ هاوتا بۆ وشە لەبیرکراوەکان بدۆزێتەوە! ئاخیری، برادەرەکە تووڕە دەبێ و زللەیەکی لێ دەدا و دەڕوا، جاری وایشە بۆ ئەوەی ترسی خۆم بڕەوێنمەوە، دەستەوداوێنی گاڵتە دەبم و نەقڵی کابرایەک دەگێڕمەوە کە دەچێ بۆ لای دوکتۆری دەروونناس و دەڵێ شتم لەبیر دەچنەوە، دوکتۆر چەند پرسیاری ئاسایی لێ دەکا، ئەوجا دەڵێ: "دەی، شتی چۆنت لە بیر دەچنەوە؟" کابرا دەڵێ: "شتی چم لە بیر دەچنەوە؟"

حافیزە ئەگەرچی هەمەکارەیە و زۆر پێویستە، بەڵام یەکجار ناسکیشە. مەترسی لە هەموو شوێنێ هەیە، نەک هەر لە لایەن دوژمنە نەریتییەکەی، یانی فەرامۆشکارییەوە، بەڵکو لە لایەن یادی ناڕاستیشەوە، وەک یادی زەماوەندی پۆل نیزان لە دەیەی ١٩٣٠دا کە تا ئێستا چەند جارم گێڕاوەتەوە، کلێسای "سەن ژێرمەن دێ پرێ" کە زەماوەندەکە لەوێ گیرا، زۆر بە ڕوونی دێتە بەرچاوی یادم، ئاپۆرەی میوانەکان کە خۆشم لە ناویاندام، میحراب، قەشە - تەنانەت ژان پۆل سارتر کە بووە بە برازاوا، ئەوانە هەموو دەبینم، پاشان لەناکاو ڕۆژێک لە ڕۆژانی پارەکە بە خۆم گوت: "کوڕە شتی وا نابێ! پۆل نیزان، مارکسیستێکی شەڕانی، ژنەکەشی کچی بنەماڵەیەکی بێدین، قەت ناشێ لە کلێسا زەماوەندیان کردبێ! بە هیچ کلۆجێ ناچێتە عەقڵەوە! یانی من ئەم قسەیەم هەڵبەستووە؟ بڵێی لەگەڵ زەماوەندێکی تر تێکەڵم کردبێ؟ ئاخۆ کلێسایەکی کە پێی دەزانم و دیومە، هێناومە لە چیرۆکێکم متوربەم کردووە کەوا دۆستێک بۆی گێڕاومەتەوە؟" ئێستاش بۆم ساغ نەبۆتەوە حەقیقەت چی بووە، یان من چیم بە سەر هێناوە، تەسەوری ئێمە و خەونەکانی ئێمە، هەمیشە و دایم یادەکانمان داگیر دەکەن؛ جا چونکە زۆر ئامادەین خەیاڵمان بە ڕاست بزانین، وامان لێ دێ بەرگی ڕاست بکەینە بەر درۆ، هەڵبەتە خەیاڵ و واقیع بە ئەندازەی یەک هی تاکەکەسن و بە ئەندازەی یەک هەست پێ دەکرێن، دەجا تێکەڵ کردنیان تەنیا بە شێوەی نیسبی گرینگە.

وەک چۆن ڕێبواری ناو ڕۆمانێکی پیکارێسک بە ئەفسوونی شتێکی چاوەڕوانی نەکراو، یانی چیرۆکە پێشبینی نەکراوەکە، لە ڕێگە کلا دەبێ، منیش لەم نیوە- خۆژینامەیەدا، زۆر جار لە مەبەست لا دەدەم، بەم حاڵەشەوە سەرەڕای وریا بوونم، بێ گومان یادە ناڕاستەکان هەر ماون، بەڵام هەروەک پێشتر وتم، ئەمە شتێکی زۆر گرینگ نییە، من ئامێژەنێکم لە هەڵە و گومان و هەروا بێتەوە دڵنیایی، چونکە مێژوونووسیش نیم، یادداشت و دایرەتولمەعاریف و شتی وام بە دەستەوە نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وێنەیەی کێشاومە، تەواو خۆمم- بە هەموو ڕاشکاوییەکانمەوە، دوودڵییەکانمەوە، دووپاتە کردنەوە و هەڵەکانمەوە، بە هەموو ڕاستییەکان و درۆکانمەوە، ئاوایە حافیزەی من.

**سەرچاوەی تەرجەمەکە:**

**Bunuel, L. (1987). My Last Breath (3rd ed.). (A. Israel, Trans.) Glasgow: Flamingo.**